Mitanni Journal
Mitanni Journal

Volume 6 Issue 2 Article4

# Soren Kierkegaards Pilosophy of Existentialism

**Gulshad azad khudhur**
*Department of Philosophy, Faculty of Arts, Salahaddin University*.

**Azad Hama Abdulla**
*Research Center, Suleimani University.*

Follow this and additional works at: https://journals.epu.edu.iq/index.php/Mitanni

How to Cite This Article
Gulshad,A.K., Azad 2026. Media Education and its Role in Raising Awareness among Social Media Users. Mitanni Journal, 6(2), Article 04.

DOI: https://doi.org/10.25156/ptjhss.v6n2y2025.pp47-54
This Original Article is brought to you for free and open access by Mitanni Journal. It has been accepted for inclusion in Mitanni Journal by an authorized editor of Mitanni Journal. For more information, please contact mitanni.j@epu.edu.iq

# Soren Kierkegaards Pilosophy of Existentialism

**AI usage declaration**

No, I was not used. the author confirms that every word and idea in this research was written entirely by themselves, without any assistance from AI.

**Author contribution**

No conflict of interest.

The author has no financial, personal, or professional relationships that could have influenced the results of the research. They received no payment and have no personal interest in the outcomes.

**Ethics information**

No ethics approval was needed. Since this research is purely philosophical and based only on written sources, it does not involve human participants, experiments, or sensitive data-therefore no ethics committee approval was required.

**Data availability statement**

The data and key information of the research are not publicly published, but anyone who needs them can contact the corresponding author and make a reasonable request to access them.

**Funding information**

No, there is no conflict of interest

The author declares that they have no financial, personal, or professional relationships that could have influenced the results of the research or created any personal bias.

**Conflict of interest**

No conflict of interest.

The author has no financial, personal, or professional relationships that could have influenced the results of the research. They received no payment and have no personal interest in the outcomes.

**Acknowledgements**

Yes, acknowledgements are present.

The author expresses gratitude to all the lecturers who participated in the interviews and provided useful information, as without their contribution the research could not have been completed.

**Declaration of Originality**

Yes, the research is original and first of its kind.

The author confirms that this research is entirely new and that no one has previously conducted a study under this title in the Kurdistan region, which gives it special scientific significance.

**ORIGINAL ARTICLE**

# Soren Kierkegaards Pilosophy of Existentialism

Gulshad azad khudhur 1 Azad Hama Abdulla 2

[1] Department of Philosophy, Faculty of Arts, Salahaddin University.
[2] Research Center, Suleimani University.

## Abstract:

In an era where humans have lost themselves between grand philosophical systems and social ideologies, a voice emerged from nineteenth-century Denmark calling humanity to return to the individual and their own personal experience. Soren Kierkegaard (1813-1855), the Danish philosopher, through his sharp critique of Hegel and rationalist systems ,I aid the foundation for what would later be called "existential philosophy". While Hegel attempted to explain history and existence within a universal logical system, Kierkegaard insisted that truth is found in the life of the individual and their existential choice, not in abstract concepts. The human is a unique individual and cannot be placed within a general system. Kierkegaard emphasized the concepts of individuality, freedom, choice, anxiety, and personal faith. Humans must live and create themselves through their free choices, even if this means confronting anxiety and disquiet. Kierkegaard's perspective on the issue of slf-expression and self-knowledge is fundamentally connected to how the individual finds themselves in a world full of contradiction and conflict. Philosophy must focus on the "how" of existence, not the "what" of existence. To this end, he discusses the stages of life, each possessing its own characteristics and particular problems. The aim of this reasearch is to understand how Kierkegaard's thought influenced existential philosophy, which is known as the father of existential philosophy and had a profound influence on contemporary philosophical thought. The study seeks to show how Kierkegaard's thoughts on the individual, freedom and responsibility are still relevant to contemporary human problems in an age where people are lost among many choices and search for the meaning of life

**Keyword**: Kierkegaard, existential philosophy, individual, despair, self, religion.

Received 04 December 2025; accepted 22 December 2025.
Available online 14 Apr 2026

* Corresponding author.
E-mail addresses: layalewan@gmail.com

2710-2173/© 2025, Erbil Polytechnic University. This is an open access article under the CC BY-NC-ND 4.0 Licence (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/).

# فەلسەفەی بوونگەرایی سۆرین کیەکەگۆرد


## پووختەی توێژینەوە

لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ لە نێوان سیستەمە فەلسەفییە گەورەکان و ئایدۆلۆژیا کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی وون کردووە، دەنگێک لە دانیمارکی سەدەی نۆزدەیەمەوە هات کە مرۆڤی بانگ کرد بۆ گەڕانەوە بۆ لای تاک و ئەزموونی تایبەتی خۆی.سۆرین کیەکەگۆرد (١٨١٣-١٨٥٥)، فەیلەسوفی دانیمارکی بە ڕەخنەگرتنی توندی لە هیگل و سیستەمە راسیۆنالیستەکان، بناغەی ئەوەی دانا کە دواتر بە "فەلسەفەی بوونگەرایی" ناودەبرا. لە کاتێکدا کە هیگل هەوڵی دەدا مێژوو و بوون لە سیستەمێکی لۆژیکی گشتگیر دا روون بکاتەوە، کیەکەگۆرد پێداگری دەکردەوە لەوەی کە راستی لە ژیانی تاک و بژاردنە ئەگزستانسیاڵەکانیدا دەدۆزێتەوە، نەک لە چەمکە ئەبستراکتەکاندا.مرۆڤ تاکێکی بێوێنەیە و ناتوانرێت بخرێتە ناو سیستەمێکی گشتی. کیەکەگۆرد گرینگی داوە بە چەمکەکانی تاکەکەسی، ئازادی، بژاردن،دڵەراوکێ، باوەری کەسی. مرۆڤ دەبێت خۆی بژی و خۆی دروست بکات لەرێگەی بژاردنە ئازادەکانییەوە ،تەنانەت ئەگەر ئەمە مانای رووبەروو بوونەوە بێت لەگەڵ دڵەراوکێ و نائارامی. تێروانینی کیەکەگۆرد بۆ کێشەی هەستی خۆگەیاندن و ناسینەوەی خود، کە لەبنەرەتدا پەیوەستە بەوەی چۆن تاک خۆی لە جیهانێکی پڕ لە دژایەتی و ناکۆکیدا دەدۆزێتەوە. فەلسەفە دەبێت سەرنجی خۆی بداتە چۆنییەتی بوون نەک چییەتی بوون.بۆ ئەمەش باس لە جۆرەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات کە هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و کێشەی تایبەتی خۆیانن. ئامانج لەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە چۆنییەتی کاریگەری هزری کیەکەگۆرد لەسەر فەلسەفەی بوونگەرایی کە وەک باوکی فەلسەفەی بونگەرایی ناسراوە و کاریگەرییەکی قوڵی لەسەرهزری فەلسەفەی سەردەم هەبووە. توێژینەوەیەکە دەیەوێت دەریخات کە چۆن هزری کیەکەگۆرد لەبارەی تاکەکەس، ئازادی و بەرپرسیارێتی هێشتا پەیوەندییان بە کێشە هاوچەرخەکانی مرۆڤەوە هەیە لە سەردەمێکدا کە تێیدا مرۆڤ لە نێوان هەڵبژاردنی زۆردا ون دەبێت و بەدوای مانای ژیاندا دەگەرێت.

**کلیلە وشەکان**: کیەکەگۆرد، فەلسەفەی بوونگەرایی، تاکەکەس، بێهیوایی، خود، ئایین.

## پێشەکیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی قووڵی فەلسەفەی بوگەرایی لەلای کیەکەگۆرد، وەک یەکەم فەیلەسوفێک کە بونگەرایی بەشێوەیەکی سیستەماتیک خستە بەردەم بیرمەندی مرۆڤایەتی. لەسەردەمێکدا کە مرۆڤی هاوچەرخ لەگەڵ کێشەکانی بێ واتایی، دڵەراوکێ، و بێگانەبوون دا ململانێ دەکات،گەرانەوە بۆ لای کیەکەگۆرد نەک تەنها مێژوویيە، بەلکو ئەگزیستانسیالیشە.
فەلسەفەی بوونگەرایی وەک بزوتنەوەیەکی فەلسەفی، سەرەتا لە ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ کیەکەگۆرد سەریهەڵدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەرگیز خۆی بە بوونگەرا نەناساندووە، بەڵام بونگەرایە و بە باوکی بوونگەرایی ناسراوە، چونکە پێی وایە چونە ناو سیستەمێکی فەلسەفی ئەمە خۆی لەخۆیدا زەوتکردنی ئازادییەتی. ئەم فەلسەفەیە جەخت لەسەر بوونی تاک دەکاتەوە و پێی وایە ( بوون پێش ماهییەت )دێت- بەواتای ئەوەی کە مرۆڤ سەرەتا دێتە بوونەوە ، پاشان بە بژاردنەکانی خۆی ماهییەتی خۆی دروست دەکات .
کیەکەگۆرد لە ژینگەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی توند لە کۆپنهاگن گەورە بوو، و ژیانی تایبەتی و ئەزموونە کەسییەکانی (بەتایبەتی پەیوەندییەکەی لەگەڵ رێژینا ئۆڵسن ومردنی زووی دایک و براکانی) کاریگەرییەکی قوولیان لەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفیی هەبوو.
کیەکەگۆرد بە باوکی فەلسەفەی بوونگەرایی ناسراوە لە بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەودا بینینێکی قوول دەبینین بۆ ئەو کێشانەی کە تاک لە رووبەرووبونەوە لەگەڵ بوونی خۆیدا تێیدا دەکەویت.
هەروەها لێکۆلینەوەیە لە جۆری تایبەتی کیەکەگۆرد لە تێگەیشتن لە ئیمان، کە بەپێی ئەو نابێت بە ئەقڵانییەت روون بکرێتەوە، بەڵکو پەلامار و جوڵەیەکە بۆ نەزانراو. ئەم دیدگایە رەخنەیەکی تووندە لە هەوڵەکانی لاهووتی ئەقڵانی کە هەوڵی رونکردنەوەی باوەری ئایینی بە زانستی بەرهەمی دەهێنێت. لەم بارەیەوە، چەمکی باوەر لەلای کیەکەگۆرد پەیوەندییەکی نهێنی و کەسییە لەگەڵ خودا دا، بەدوور لە سیستەمە فەلسەفییەکان و دامەزراوە ئایینیيە فەرمییەکان روودەدات .

## ١.کێشەی توێژینەوە:

سەرەڕای گرنگی کیەکەگۆرد وەک دامەزرێنەری بونگەرایی،هێشتا شیکردنەوە کوردییەکانی کەم لەسەر فەلسەفەکەی، و ئەو دەقانەی کە بونیان هەیە زۆرجار روکەشییانە یان وەرگێرانی راستەوخۆن لە زمانەکانی دیکە بەبێ لێکدانەوەی قووڵ لە کۆنتێکستی کولتووری و فەلسەفی خۆیان. هەروەها فەلسەفەی کیەکەگۆرد زۆرجار تەنها وەک پێشەنگێک بۆ بوونگەرایانی سەدەی بیستەم ( وەک سارتەر و کامۆ) تەماس دەکرێت، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی و قوڵایی خۆی بەتەواوی لێکبدرێتەوە.
رۆڵی چەمکە بنەرەتییەکانی وەک دڵەراوکێ، ئازادی، بژاردن، و پەرینی ئیمانی چین لە فەلسەفە بوونگەراییەکەیدا؟
سێ قۆناغی ئێگزیستانسیال( جوانپەرست، ئەخلاقی، ئایینی) جۆن پێکەوە سیستەمێکی یەکگرتوو دروست دەکەن بۆ تێگەیشتن لە ژیانی مرۆڤ؟و پەیواندی نێوان ئایین ( بەتایبەتی مەسیحیەت ) و بوونگەرایی لەلای کیەکەگۆرد دا چۆنە؟

**٢.گرینگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەک دەکات لە پڕکردنەوەی کەلێنی لێکۆڵینەوەکانی کوردی لە بواری فەلسەفەی بونگەرایی، لەکاتێکدا کە بونگەرایی بە شێوەیەکی گشتی ناسراوە، شیکردنەوەی تایبەتمەند و وردی فەلسەفەکەی کیەکەگۆرد بە زمانی کوردی دەتوانێت دەرگایەکی نوێ بکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە رەگەکانی ئەم بزوتنەوە فەلسەفیە گرینگە.هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت بنەمایەک بێت بۆ بەراوردکردنی بیرۆکەکانی کیەکەگۆرد لەگەڵ بیرمەندانی کوردی دەربارەی تاک و کۆمەڵگا .

لە دونیایەکی هاوچەرخدا کە مرۆڤ لەگەڵ کێشەکانی بێ واتایی، دڵەراوکێ، بێگانەبوون، و کێشەی ناسنامە دەستو پێنجەڵ دەکات، فەلسەفەی کیەکەگۆرد رێگا چارەیەک پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە خۆمان و ژیانمان.ئەو جەخت لەسەر بەرپرسیاریەتی کەسی، ئازادی هەڵبژاردن، و گەران بۆ واتا لە ژیانی تاکدا دەکاتەوە،کە پەیامێکی باشە بۆ گەنجی ئێستا کە لەنێوان بژاردە زۆرەکان و فشارە کۆمەڵایەتیەکاندا خۆیان بدۆزنەوە.

بۆ کۆمەڵگای کوردیش، کە خۆی لە دۆخێکی گۆرانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندایە، تێگەیشتن لە چەمکی تاک و ئازادی و بەرپرسیاریەتی کەسی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ بنیاتنانی ژیانێکی مانادار و کۆمەڵگایەکی مۆدێرن.

ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی قوڵ و فراوانە بە پشت بەستن بە سەرچاوە سەرەتاییەکان و لێکۆڵینەوەکانی سەردەم. لەسەر بنەمایەکی شیکاری تێکست و لێکۆلینەوەی کتێبخانەیی ئەنجامدەدریت

ئەم توێژینەوەیە هیوادارە تێگەیشتنێکی قووڵتر و گشتگیرتر لە فەلسەفەی بوونگەرایی کیەکەگۆرددا پێسکەش بکات و بەشدارییەک بکات لە دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆی فەلسەفی بە زمانی کوردی.

**٣.ئامانجی توێژینەوە:**

١.شیکردنەوەی قووڵ و فراوانی فەلسەفەی بونگەرایی لەلای سۆرن کیەرکەگۆرد بە پشتبەستن بە سەرچاوە سەرەتاییەکان و لێکۆڵینەوەکانی سەردەم.

٢.شیکردنەوەی سێ قۆناغی ئەگزستانسیاڵ و پەیوەندییان بەیەکەوە.

٣.تێگەیشتن لە رەخنەی کیەرکەگۆرد لە سیستەمە فەلسەفییەکانی سەردەمی و دیالێکتیکی هێگڵ.

٤.لێکدانەوەی رۆڵی ئیمان و ئایین لە فەلسەفەی بونگەراییەکەیدا.

**حەقیقەت لای کیەکەگۆرد**

گەرانەوە بۆ خود یەکەم ئەزموونی ناوەکییە کیەکەگۆرد دەیکاتە بنەمای ڕاستەقینە کە فەلسەفە دەبێت لێوەی دەست پێبکات. تاک رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر تێگەیشتنی ئەو بۆ ڕاستی. ئەو ژیانە دڵە ڕاوکێیەی کە تێیدا ژیاوە و لە کاتێکدا هیچ شتێکی روون و ئاشکرای بۆ دەرناکەوێت، وایلێدەکات بەدوای ڕێگایەکدا بگەرێت بۆ بینینی ئەم ڕێگا ڕاستییە،کە تاک بەشێک بێت لە ڕاستی. (امام، 1986، صفحة 8) لە گەران بە دوای ڕاستەقینەدا دەبێ ئەو ڕاستییە بدۆزێتەوە کە خۆت لە پێناویدا دەژی، ڕاستەقینەیەک کە لە ناوەوەی خۆتدایە نەک لە دەرەوە،(کۆمەلێک نووسەر،٢٠١٦،٩) کیەکەگۆرد جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەیشتن بە حەقیقەت تەنها بە هەوڵی خودی ئەنجام دەدرێت لە ڕێگەی پراکتیک و دەمەوە، بۆیە ڕەتی دەکاتەوە کە ڕاستی لە کەسانی ترەوە فێر ببێت هەر بۆیە ڕاستەقینەی ڕەها و تاکە هەڵبژاردن ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە ڕاستی ڕێژەیی وگۆڕاوە، چونکە زانینی خودی تەنها بە باوەڕی تاکە کەسی دەکرێ، نەک لە ڕێگەی عەقڵ و لۆژیکەوە بۆیە ڕاستی لە دەرەوە بۆ تاک نایەت وەک ئەوەی ڕیالیزم و ئایدیالیزم پێیان وایە حەقیقەت سەربەخۆیە لە مرۆڤ و دەبێت مرۆڤ بەدوایدا بگەرێت، لە کاتێکدا کیەکەگۆرد پێی وایە ڕاستی داهێنانانی مرۆڤە و سەربەخۆ نییە لە مرۆڤ. کەواتە ڕاستی لە خودی چالاکەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە خودی بیرکەرەوە ئەو کردارە دوای باوەڕ دێت چونکە باوەڕمان بە دروستی بیرۆکەیەک پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ کار بکەین بەبێ گەڕان بە دوای هۆکارەکان. . (شطارة، 2014، صفحة 57) ڕاستی لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکە لە نێوان بیر و باوەڕ یان بابەتێک و ئەو کەسەی هەڵگری ئەو باوەڕەیە. کەواتە ڕاستی دەبێت خودی بێت. پێوەری ڕاستی باوەڕێک بەندە بەو کەسەی کە چۆن ئەو باوەڕە دەگرێت، بۆ ئەوەی ئەم باوەڕە ڕاست بێت دەبێت مرۆڤ بەبێ هیچ مەرجێکی پێش وەختە و بەبێ هیچ گومانێک هەڵگری ئەو باوەڕە بێت. (برانت، 2009، صفحة 93) کەواتە تێگەیشتنی بابەتی سەرنج دەخاتە سەر بابەتی باوەڕ لە کاتێکدا تێگەیشتنی خودی سەرنج دەخاتە سەر هەڵسوکەوتی باوەڕدار. بیرۆکە خودییەکان وەک بەها ئەخلاق و بانگەشەی ئایینی پشت دەبەستن بە کەسەکە و ڕادەی هەڵسەنگاندنیان و پشت بە ڕاستییە بابەتییەکان نابەستن (شطارة، 2014، صفحة 524) . کیەکەگۆرد پێی وایە بۆ گەیشتن بە حەقیقە مرۆڤ پێویستە سەرەتا خاوەنی کەسایەتی خودی خۆی بێت لە دەرەوەی کۆمەڵگا لەم ڕوانگەیەوە دەنووسێت:"خەڵک چەندە لە مردن دەترسێن، ئەوەندە زیاتریش لە حەقیقەت دەترسێن، ئەوە حەقیقەتی هەموو ئەو قسانەیە کە لەبارەی خۆشویستنی حەقیقەتەوە دەگوترێن، لەبارەی ئامادەبوون بۆ ڕۆیشتن بە دوو حەقیقەتدا ،دوای تێگەیشتن لێی (ئیسماعیل، ٢٠١٧، صفحة 178). ئەم فەلسەفەکردنە جیاوازییەکی یەکلاکەرەوەی لە نێوان دوو جۆری حەقیقەت دامەزراندووە، ئەوانیش حەقیقەتی بابەتی و حەقیقەتی خودی. حەقیقەتی بابەتی ئەو حەقیقەتانەی کە بە ڕێگەی لۆژیک و زانستەوە دەست دەکەون، وەک یاساکانی ماتماتیک یان زانستە سروشتییەکان، ڕاستەقینەیەکی گشتییە بۆ هەمووکەسێک یەکسانە و بەمەرجەکانی دەرەکی قابیلی پشت ڕاست کردنەوەن . حەقیقەتی خودی حەقیقەتی کەسی کە پەیوەندیدارە بە ژیانی تاک، بریارەکانی، تواناکانی و دۆخی ناوەکی کە ئێگزیستیالیستەکان دەیخەنە ژێر چەمکی وجوودی ڕاستی کە ئەمە

چەمکێکی ڕاستە بۆ فەلسەفەی بوون. بۆ هەڵسەنگاندنی حەقیقەتی خودی هیچ پێوەرێک لە دەرەوەی هۆشدا نییە. (شطارة، 2014، صفحة 53)

**کەی شتێک ڕاستەقینەی بابەتیە و کەی ڕاستەقینەی خودیە؟**

بیرۆکەیەک (تیۆرییەک) ڕاستەقینەیە بە شێوەی بابەتی کاتێک تێگەیشتنمان لەگەڵ بابەتەکەدا بگونجێ، بەڵام تێگەیشتن لە واقیعی ڕاستە قینەی خودی شتێکی جیاوازە. بوونی تاکێک کە لە ناوەوە و هەست و سۆز بیرۆکەکە دەبینێت و هەڵیدەبژێرێت و پێی وایە ڕاستەقینەیە، لێرەدا پێوەری ڕاستی خودی سۆزداری و ئارەزوومەندانەیە. (برانت، 2009، صفحة 94) لە ڕوانگەی بابەتیەوە کێشەکە کێشەی زانینە بەڵام لە ڕوانگەی خودییەوە کێشەکە کێشەی کاردانەوە و توانایە. کیەکەگۆرد پێی وایە کاتێک لە ڕاستی بابەتی دەکۆڵینەوە ئێمە بەشێوەیەکی بابەتیانە بیر لە ڕاستی دەکەینەوە وەکوو شتێک کە پەیوەندیمان پێوەی هەیە ئێمە بیر لە پەیوەندییەکە ناکەینەوە، بیر لەو ڕاستییە دەکەینەوە کە ئێمە پەیوەندیمان پێوەی هەیە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی خودگەرایانە حەقیقەت ڕەچاو بکەین، هزری ئێمە بە پەیوەندییەکەوە بەند دەبێت، ئەگەر ئەم پەیوەندییە ڕاستەقینە بێت خودەکە دەبێتە ڕاستەقینە. کاتێک لە ڕاستەقینەی خود دەکۆڵینەوە ئەم پەیوەندییە چۆنایەتی دەبێت لە ڕاستیدا تاکێک دروست دەبێت تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە شتێکی نا ڕاستەقینەشەوە هەبێت. کێکەگۆرد بۆچوونێکی خودی دامەزراند لەسەر بنەمای چۆنایەتی ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا ڕوو دەدەن، گۆڕانکاری چۆنایەتین هەست و سۆزەکان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێن. (ستراتێرن، ٢٠٠٣، صفحة 105)

**پێکهێنانی ئۆنتۆلۆژی بۆ خود لە فەلسەفەی کیەکەگۆرد دا**

کتێبی (نەخۆشی تا مردن)ی کیەکەگۆرد لە دوو بەش پێک دێ:بەشی یەکەم سایکۆلۆژی هەردوو بەشەکە باس لەناوەوەی مرۆڤ دەکەن بەشی دووەم بیروباوەڕی کە تیایدا مرۆڤ وەک ئاوێتەیەک دەبینن لە نێوان دوو جۆری دیاریکراودا،سنوردار و بێسنور، ئەگەری و ناچاری، ئازادی و پێویستی دا،ترس ئەو هاوکێشەیە پێکدەهێنێ. ئەو هاوکێشەیە لەنێوان دوو جۆری دیاریکراوە، ترس وەک دەربڕینێکی ئەبستراکت دەبینێت لە پەیوەندی تاک بە هەمیشەیی. کێشەی گرنگ لەم کتێبەدا سووڕانەوەیە لە دەوری پرسیاری مرۆڤ کێیە؟ مەسیح کێیە؟ مرۆڤ چۆن دەبێتە مەسیحی؟ گرنگی دان بە مرۆڤ و مەسیح یەک پرۆژەیە هەروەها بیرکردنەوەیە لە ژیان. (کیرکگورد، 2021، صفحة 19)

ثیلست توێژەرێکی دانیمارکیە دەڵێت: "ئەگەر مرۆڤ لە لای ئەرستۆ بریتی بێت لە ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی یاخود پێکدێت لە لەش و دەروون (نەفس) لە ماددەی بەرجەستەکراو کە دەکرێ و دەتوانرێ دەستی لێ بدرێ و ئەزموون بکرێ و شیکردنەوەی بۆ بکرێ، دەکرێ بگۆڕدرێن (لە دایک بوون و مردن)، بەڵام مرۆڤ لای کیەکەگۆرد بە هەمان شێوە پێک دێت لە ڕۆح کە دەیگۆڕێت بۆ شتێکی نەبینراو، لەوانەیە نەمرێ و بزر نەبێ وەک خەون و هەستەکان کە ناتوانرێ بەشێوەیەکی ماددی بپێورێن.

ثیلست دەڵێت" ڕوانگەی کیەکەگۆرد بۆ مرۆڤ لە لایەکەوە دوالیزمیە ( لەش و دەروون (ڕوح))، (کیرکگورد، 2021، صفحة 24) بەڵام بە تەنها یەکگرتنی ئەم دووانەیە نییە کە ئێمە وەک مرۆڤ پۆلێن دەکات بەڵکوو توخمێکی تر هەیە کە کیەکەگۆرد پێی دەڵێت ڕۆح کە بریتییە لە کلیلی تێگەیشتنی پەیوەندی مرۆڤ بە خودا و گرفتە وجوودییەکان کە ڕووبەڕویو ئەم پەیوەندییە دەبنەوە، لە لایەکی ترەوە گواستنەوەیەتی بۆ ئاستێکی نوێ، وەک لەو کتێبەدا باس لە مرۆڤ دەکات و دەڵێت: " مرۆڤ بریتییە لە ڕوح ، بەڵام ئەی ڕوح چییە؟ ڕۆح بریتییە لە خود، بەڵام خود چییە؟ بریتیە لەو پەیوەندییەی کە خود دەبەستێتەوە بە خود. خۆد پەیوەندی نییە بەڵکوو بەستنەوەی پەیوەندی خودە بە خود .

. (KIERKEGAARD, 1941, p. 17) مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە کۆتادار و بێ کۆتا، لە کات و ئەبەدی، لە ئازادی و ناچاریدا

پێناسەی کیەکەگۆرد بۆ مرۆڤ بریتییە لە پەیوەندی دوانەیی لە دژ و سەرنج ڕاکێش، مرۆڤ پێکهاتییەکی سادە نییە تێکەڵەیەکە لە دژایەتی ناکۆک وەک کاتی و ئەبەدییەت، و سنووردار و بێ سنوور، ئازادی و ناچاری ئەمانە ئەو دوانەیەن کە لە دووجەمسەرەوە ڕایان دەکێشێت جەمسەرێکیان مرۆڤ وەک تاکە کەس، ئەوی تریان کیەکەگۆرد دەستەواژەی کۆمەڵگەی بۆ بەکاردێنێت (پەری، ٢٠٢٠، صفحة 73)

نەبوونی هارمۆنی ونەگونجاندن و نا هاوسەنگی ئەو ڕەگەزانە لەو تێکەڵەیەدا یاخود پێکهاتەیەدا ئەوە بەرهەم دێت کە کیەکەگۆرد پێیدەڵێت (نەخۆشی تا مردن) یاخود بێ هیوایی. مرۆڤ پێکهاتەیەکە بەم شێوەیە سەیر دەکرێت کە خودێک نییە لەبەر ئەوەی خود تەنها پێکهاتەیەک نییە، خود پەیوەندی نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندییە هەڵوێستێکی بەرامبەر بە خۆی ، لەم پەیوەندیدا مرۆڤ دەبێت هەڵوێستێکی بەرامبەر بە خۆی هەبێت. کاتێک مرۆڤ لە دەرەوەی خودی خۆی دەوەستێ و لە دەرەوە سەیری خۆی دەکات داخراو نییە لەناو پێکهاتەدا وەکو ئازادی و ناچاری بەڵکوو دەبێت هەڵوێستێکی هەبێت بەرامبەر بە خۆی ئەو پەیوەندییەی کە تێیدا خود بەدی دێت پەیوەندییەکی دیالێکتیکیە لە نێو ئەو توخمانەی کە پێک دەهێنن لە نێوان سنووردار و بێ سنوور، کاتی و ئەبەدی، لە نێوان ئەگەری و ناچاری، هەر وەکوو کیەکەگۆرد جەخت دەکاتەوە: "خود پێکهاتەیەکی هۆشیارییە بۆ سنووردار وبێسنوو کە خود بە خود دەبەستێتەوە، (کیرکگورد، 2021، صفحة 21) ئەنجامی پەیوەندی منە بە خۆیەوە، ئەو خودەی نەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بچێتە پەیوەندییەوە خودێکی غەمگین و سەرگەردانە". سروشتی مرۆڤایەتی بە تەنها لە خود پێک نەهاتووە، بەڵکوو بۆ ئەوەی خودەکە دەربکەوێت ئەم توخمانە نابێت تەنها بەیەکەوە ببەسترێنەوە، بەڵکو دەبێت خود ڕەنگدانەوەی هەبێت لە پەیوەندییەکانیدا. (پەری، ٢٠٢٠، صفحة 104)

ئەم دارِشتنە گرنگی هۆشیاری لە پەیوەندی نێوان ئەم توخمانە دەردەخات. نەبوونی هۆشیاری لە پەیوەندی ئەو توخمانەدا خود ناتوانێت هیچ بەرهەمێکی هەبێت، بەڵام بوونی هۆشیاری دانانی سنوورێکە لە نێوان سروشتی مرۆڤایەتی و سروشتی خود و دروست کردنی پەیوەندییەکی سادە لەنێوان ڕەگەزەکان. ئەگەر خود هۆشیارانە بێت یان نا ئەوە جیاوازی چۆنایەتییە لە نێوان نائومێدی، هەموو نائومێدییەکیش لە ڕوانگەی چەمکەوە بێگومان هۆشانەیە. گۆڕینی چەمکی ڕۆح بە هۆشیاری دەمانگەیەنێ بەوەی باشتر تێبگەین لە واتای چەمکی خود .

ئەو پێکهاتەی کیەکەگۆرد پێشنیازمان بۆ دەکات پەیوەستە بە توانای تاکەوە بۆ ئەوەی ببێت بە خودی خۆی، یاخود یاسایەکە دەبێت لە واقیعدا بەرجەستە بکرێت وە ئەگەر بە ڕێگایەکی ڕاست بەرجەستەکرا ئەوە دەگاتە پەیوەندییەکی ئەوپەڕی نێوان توخمەکانی پێکهاتە. مرۆڤ دەژی لەگەڵ پرسیارە بنەڕەتیەکەی، چی بکات لەگەڵ خودی خۆیدا؟ (کیرکگورد، 2021، صفحة 25)

شێوەکانی نائومێدی خود وەک پێکهاتەیەک پێک دەهێنن. هۆشیاری واتە خودئاگای یەکلاکەرەوەیە لە پەیوەندی لەگەڵ خود، تا هۆشیاری گەورەتربێت ، خودی زیاتر گەشە دەکات و هۆشیاریی زیاتر دەبێت و ئیرادە گەورەتر دەبێت، خود گەورەتر دەبێت. کەسێک کە هیچ ئیرادەی نییە خودی نییە، بەڵام تا ئیرادەی زیاتری هەبێت هۆشیاری زیاتری هەیە (KIERKEGAARD, 1941, p. 28)

لای کیەکەگۆرد مرۆڤ کاتێک مرۆڤە کە لە دایک دەبێت و لە سەرەتاوە بوونی هەیە نەک لەدوای ئەوەی دەبێتە مرۆڤێکی تەواو، بەڵام وەک خود لە دایک نابێت بەلکو لە کۆتاییدا دەبێتە خود نەک سەرەتا. خودیش ئاوێتەیەکی پەیوەندییە لە کۆمەڵێک فاکتەری ئۆنتۆلۆژی پێکدێت کە دەچنە ناو پێکهاتەی بوونی مرۆڤەوە .

کیەکەکۆرد کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی ( نەخۆشی تا مردن ) لەو کتێبەیدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ بۆ بەجێهێنانی ئامانجێک هاتۆتە جیهانەوە ئەویش ئەوەیە  کە مرۆڤ بەدوای واتای بوونی خۆیدا بگەڕێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی چەمکی بێ هیواییەوە کە وەک نەخۆشییەکی ڕۆحیە هەموو مرۆڤەکان تووشی دەبن ئەم نەخۆشییە بنەڕەتیترین کێشەی مرۆڤایەتییە. (پەری، ٢٠٢٠، صفحة 104) نەخۆشی تا مردن باس لە جۆرێکی دیاریکراوی مردن دەکات کە مەبەستی لە مردنی فیزیکی نییە، بەلکو مەبەستی مردنی ڕۆحی یان باسکردنی دەروونی مرۆڤە وەک لە تەنیاییدا بێت، بەڵام ئەم مردنە پەیوەندی بە شوێن وهەل ومەرجەوە نییە، بەڵکو بە گوێرەی جۆراوجۆری بێ هیوایی ناوەکی کە خەڵک ئەزموونی دەکەن. مرۆڤ لەکاتی لە دایک بوونیدا ناتوانێت خۆی ببینێت، تەنیا دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە ئەویش دوای ئەوەی کە بە دوای واتای بوونی خۆیدا دەگەڕێت. مرۆڤ کاتێک سەیری خۆی لە ئاوینەیەکدا دەکات خۆی نابینێت بەڵکوو مرۆڤێکی تر دەبینێت هەر بۆیە لە سەرەتای دروست بوونیەوە بێ هیوا و نیگەرانە، چونکە لە گیاندارەکانی تر ناچێت بەلکو لەمرۆڤ دەچێت، تەنیا مرۆڤیش نییە شتەکانی تری مرۆڤبوونیشەو دەبێت خۆی بێت. (پەری، ٢٠٢٠، صفحة 105)هەر بۆیە لە کتێبی (ئەم یان ئەو)دا دەڵێت: " ئای! دەرگای بەختەوەری بە ڕووی ناوەوە ناکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بە گوشار پاڵی پێوە بنرێت بەڵکو ڕووی لە دەرەوەیە بۆیە لە ئاستیدا هیچ ناکرێت." (جاسم، 2023، صفحة 64) مرۆڤ چۆن دەتوانێت بگۆڕێت بۆ خودی ڕاستی یاخود ببێتە خودێکی ڕەسەن کە ئەم پرسیارانە لە فەلسەفەکەیدا وەک بەردی بناغەی پێکهێنانی بیرو باوەڕی وجوودی خۆی دادەنێت، یاخود تیۆرییەکەی دەربارەی خود کە بنەمای ئۆنتۆلۆژی دادەنێ بۆ ئەگەری فرە شێوازەکانی بوون و جیاوازی بوون، لەوانە بوونی مەسیحی. بۆیە ئەگەر کیەکەگۆرد پرسیارێکی بنەڕەتی بکات دەڵێت چۆن کەسێک دەتوانێت ئایینی بێت ،مەسیحی یان نا مەسیحی؟ ئەو فاکتەرانە چین کە بوونی پێک دەهێنن یاخود پێکهاتەی ئۆنتۆلۆژی ئەم خودە ڕەسەنە چییە؟ (کیرکگورد، 2021، صفحة 7)

### وێستگەکانی بوون

سۆرین کیەکەگۆرد جەخت لەوە دەکاتەوە کە سێ جۆر ژیان و سێ جۆر مرۆڤ و سێ وێستگە هەیە بۆ گەشە کردنی خودی تاک لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خۆی و ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی، ئەو پێی دەڵێ وێستگەکانی بوون ئەوانیش: وێستگەی هەستەکی ئەویش دوو جۆرە وێستگەی هەستی جوانی ڕاستەوخۆ و هەستی تێرامان ، وێستگەی ئاکاری، وێستگەی ئایینی. بە تێر و تەسەلی لە بەرهەمەکانیدا تایبەتمەندی هەر قۆناغێک سەربەخۆ و بەجیا و ئینجا پەیوەست بە قۆناغەکانی دیکەوە خستۆتە ڕوو شرۆڤەی کردووە. خودی مرۆڤیش کە خۆی لە خۆیدا گەوهەر ژیانە پابەندی بزووتنەوەیەکی بەرەو پێشچوون و گۆڕانە کە کیەکەگۆرد بە بزاڤی دیالێکتیکی ناوی بردووە، بە پێی ئەو بزاڤە خود (بوون) بە چوار وێستگەدا تێدەپەڕێت دەشکرێ لە ژیانیدا تەنیا هەر لە یەک وێستگەدا بمێنێتەوە ئەو وێستگانە هەریەکە سەربەخۆن و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام توند و تۆڵیش بەیەکەوە بەسراونەتەوە و تەواو کەری یەکترین و ناکرێ دەستبەرداری یەکتر بن. بۆ تاوتوێکردنی ئەم وێستگانە چەند بەرهەمێکی نووسیوە گرنگترینیان کتێبی (ئەم... ئەو) کە لە ساڵی(١٨٤٣) دا نووسیویەتی (عزیز، ٢٠١٣، صفحة 77)بەردی بناغەی فەلسەفەی وێستگەکانی ژیانە، یەکێکە لە چێژبەخشترین کارەکانی کە تیایدا ئەدەب و فەلسەفەی تێکەڵ کردووە، بەرهەمێکە لەسەر فەلسەفەی ژیان لە سەردەمی کۆتایی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکیدا. کتێبەکە بە سەر دوو بەشدا دابەش کراوە لە بەشی یەکەمدا دوو کەسی جوانی دەبینین کە خۆیان دەردەبڕن، کەسی یەکەم ناوی ڕاستەقینەی نییە، بەڵام بە کەسی جوانکار ناو دەبرێت کەسی دووەم یۆهانسی دەستڕێژیکەرە. ئەوان هەردووکیان لە جۆری جوانین بەڵام دوو سروشت و میزاجی تەواو جیاوازییان هەیە، هەریەکەیان بە شێوازی خۆی تێڕوانینی جوانی خۆی لە ژیاندا بەرجەستە دە کات و لە بەشی دووەمدا ڕەخنەیەکە لە لایەن دادوەر ڤلهلم لە دژی ڕوانگەی جوانی ژیان، تیشک دەخاتە سەر شێوازی ژیانی ئەخلاقی بەرامبەر شێوازی جوانناسی و چۆنیەتی گواستنەوە لە ژیانی چێژ وەرگرتنەوە بۆ ژیانی بەرپرسیاریەتیدا. (برانت، 2009، صفحة 43)

قۆناغەکانی ژیان ئەو قۆناغانەن کە مرۆڤ لێیانەوە بە ئاگاییەکی مەعنەوی و بونخوازانەوە ژیان ئەزموون دەکات، ڕوانگەیەکن بە پشت بەستن بەو دۆخەی مرۆڤ تێیدا دەژی و ژیانی خۆیان بە هۆیانەوە هەڵدەسەنگێنێ. هیچ کام لەم وێستگانە ناچارەکی نین و تایبەتن بە تاکە کەس، چونکە ئەمە پەیوەندی بە بڕوای ئەوەوە هەیە بە چەمکی ئازادییەوە بەوەی مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت لەوەی چۆن ژیانی خۆی بژی و وەک تاکێکی بێ هاوتا ئازادە و دەبێت بەرپرسیارێتی ژیانی خۆی هەڵبگرێت و نابێت بە هەر هۆیەک ئازادی تاکە کەس بۆ چۆنیەتی ژیانی خۆی ئاستەنگی بۆ دروست بکرێت. "هەڵبژاردنی ڕەهای خۆم ئازادی منە، تەنیا ئەوکاتەش من خۆم هەڵدەبژێرم جیاوازییەکی ڕەهام لە نێوان چاکە و خراپە دا دروست کردووە، ئازادی واتە خۆبەرپرسیارکردن لە ئاست هەڵبژاردنەکەی خۆماندا". (حمەصالح،ئەوانی تر، ٢٠٢٣، الصفحات 64-63)

خودی تاکە کەس بڕیاردەر و هەڵبژێرەرە. مەبەستی کیەگۆرد لە ناونیشانی (ئەم....ئەو) دا مەبەستی لە جیاکردنەوەی چاکە یان خراپە نییە یاخود هەڵبژاردنی نێوان باش و خراپ نیە، بەڵکوو ئەو جددی و بڕیار و ئیرادە کە لە خودی هەڵبژاردندا لە خۆ دەگرێت بۆیە هەڵبژاردن لە دیدی کیەکەگۆرد دا مەسەلەی هەڵبژاردنی شتێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە چۆنیەتی ژیانت هەیە و چۆن دەتەوێت بژیت. هەر لەبەر ئەوەشە جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردنی ڕەها و هەڵبژاردنی ئاساییدا دەکات، هەڵبژاردنی مرۆڤ بۆ خۆی هەڵبژاردنێکی ڕەهایە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنێک تەواو ئاسایی هەڵبژێرێت، واتە بایەخێکی نائاسایی و ڕووکەشانەی ژیان هەڵدەبژێرێت. (جاسم، 2023، صفحة 218)

## قۆناغی هەستی جوانی

ئەمە یەکەمین قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆحی مرۆڤەکە تێیدا بە دوای جوانی، خۆشی و چێژ وەرگرتنی کاتی دەگەرێت. سروشتی ئەم وێستگەیەی ژیانی مرۆڤ بە لای کیەکەگۆردەوە چێژ و حەزەکانە، چێژ ئامانجی ژیانە. هەموو شتێک بریتیە لە چێژ، بۆیە هەموو چێژێک دەقۆزێتەوە و زیادەڕەوی دەکات تێیدا و بەدوای خۆشییەکی زۆردا دەگەڕێت. خۆیشی بە هیچ شتێکەوە نابەستێتەوە، چونکە هەموو جۆرە خۆبەستنەوەیەک کۆتی دەکات و هەموو کۆتێکیش شتی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. هەر بۆیە لە سەرووی پەیوەندییە تییەکانی ژیانەوەن و تێکەڵیان نابن، لە دژی پێگەیەکی هەمیشەیی لە ژیان و دژی هاوسەرگیرین، چونکە هەر دووبارە کردنەوەیەک هەستەکە کاڵ دەکاتەوە و چێژەکە لاواز دەکات بۆیە قێزەوەنترین شت لای ئەو دووبارە بوونەوەیە.هەر بۆیە شاعیری بەناوبانگی فەرەنسی ئەلفرێد دووڤینی دەڵێت: " ئەوەت خۆش بوێت کە دوو جارنابینیتەوە". هەر بۆیە هەستی جوانی بە دوای گۆڕانکاری هەمیشەییدا دەگەڕێ لە تاقەحاڵەتێکدا جێگیر نابێت و خوازیاری گۆڕانی بەردەوامی شوێن وکات و دۆخەکانە. لێرە وەیە کە ئەو هاوڕێیەتی ناکات و خۆشەویستی ڕووکەشە و هاوسەرگیریش لای ئەستەمە، چونکە ئەمانە پێویستیان بە دووبارەبوونەوە و یادەوەری و سەقامگیرییە. تا تێروانینی هەڕەمەکی تر بێت باشترە دروشمی ئەم ڕێڕەوە دەتوانین لەم دەستەوانەیە کوری بکەینەوە: " چێژ لە ڕۆژانت ببینە". (ستراتێرن، ٢٠٠٣، صفحة 65)

ڕۆمانتیکەکان کەسانێکی هەستین چونکە ئەوانیش شوێن کەوتووی چێژی جەستەیی پڕ و تەواون، لەگەڵ هونەر و فەلسەفەدا بە جۆرێکی خەیاڵاوی هەڵسوکەوت دەکەن، لەم حاڵەتەدا فریو لە ڕواڵەتی شتەکاندا بە سەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ. (یۆستاین، ٢٠٠٦، صفحة 505)

دەتوانین بڵێین ئەو قۆناغە تەوساوییە واتە جیهانی هەستی مرۆڤ ڕووکەشە و مرۆڤ لە ئاستی فۆرماڵ دا دەمێنێتەوە وبە تێرکردنی حەزەکانی سەرقاڵە. هەر وەک سوقرات پاش ئەوەی بە شتێک دەگات ئینجا دەزانێ ئەو شتەی ئەو لەدوای دەگەڕا ئەوە نەبووە کە ویستوویەتی، (خاتەمی، مەحموود، ٢٠١٣، صفحة 65) چێژ چێژی ڕۆژانەیە بەبێ ئەوەی بیر لە داهاتوو بکاتەوە و چاوەڕێی ئەو چێژە کاتی ئێستا بکات کە چی لێ دەکەوێتەوە و لەم قۆناغەدا بێ ئاگا لە ئەرکی ئەخلاقی و هەموو ڕێسا و بنەما و ڕێوشوێنە کانی ئایینی مەسیحی پشتگوێ دەخرێن. لەم وێستگەیەدا کە کیەکەگۆرد دوو نموونەی هێناوەتەوە کە بە تەواوی لە یەکتری جیاوازن ئەوانیش (دۆن جوان لە کلتووری ئیسپانیا و لە موزیک موتسارت). دۆن جوان کە نموونەی بەرزی ئەو قۆناغەیە هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ ژیانی گیاندا دەپچڕێنێ و لایەنی گیانی پشتگوێ دەخات و گرنگی بە ژیانی چێژو لەزەت و سێکسی و پێداویستییەکانی لەش و هەڵکەوتی ڕۆژانە وەک چۆن دڵ و دەروون و سۆز دەیان خوازن دەدات. موتسارت میوزیک ژەنێکی بەناوبانگە و ئاوازەکانی بە باشترین شێواز کەسایەتی دۆن جوانیان بەرجەستە کردووە وەدەربڕیوە، هانی مرۆڤی چێژخواز دەدات ڕووبەڕووی هەموو ئەوکۆسپ و تەگەرانە ببێتەوە کە دەبنەڕێگر لە بەدی هێنانی ئاوات و ئامانجەکانیدا، (عزیز، ٢٠١٣، صفحة 79) بەڵام وەک کیەکەگۆرد دەڵێت: "هەموو حەز و ئارەزوویەک سنوور و کۆتاییەکی هەیە تا دەگاتە ئەوەی کە ڕۆژێک دێت چێژپەرست دەگاتە ئەو بڕوایەی ئەو شتانەی کە ئەو چێژی لێ دەبینی بەڵام حەز و ئارەزووەکانی جارانی نادەنێ و ناگاتە کامی کۆتایی". چێژپەرست دەگاتە ئەو دۆخەی کە هەرچییەک بکات دادی نادات ئەمە بکات یان نەیکات لە هەردووکیان پەشیمان دەبێتەوە و لێرەدا تووشی بێتاقەتی و شپرزەیی دەبێت و نیگەرانی یەخەی دەگرێت، کاریگەری نیگەرانیش لەسەر مرۆڤی چێژ پەرست ئەوەیە مرۆڤ تێدەگەیەنێت کە هێشتا ئەو خودی خۆی نییە و دەستی هەڵگرتووە لەوەی خۆی بێت، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ خودی خۆی هەڵبژێرێت لەم وێستگەدا چونکە کاتێک مرۆڤ نیگەرانی هەڵدەبژێرێت خۆی لە دوو دڵی و نیگەران بوون ڕزگار دەکات ،چونکە هەڵبژاردنێکی ئەنجام داوە بەو هەڵبژاردنەی بۆتەوە خودی خۆی بۆیە لە وەڵامی ئەوەدا کە چێژ پەرست دەپرسێت باشە ئێستا من چی بکەم ؟ مرۆڤی ئاکارمەند وەڵامی دەداتەوە تەنیا نیگەران و دوودڵ بە. (حمەصالح،ئەوانی تر، ٢٠٢٣، الصفحات 58-59)

## وێستگەی ئاکار

لە بەشی دووەمی کتێبی (ئەم... ئەو) لە دۆخی بوونی جوانییەوە دەچینە نێو بوونی ئەخلاقی. گوزارشت لە گۆڕانکارییەکی قووڵ دەکات لە تێگەیشتنی فەلسەفەی خود. لەم وێستگەیەدا بڕیاردان خاڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان وێستگەی هەستی و وێستگەی ئەخلاقی، لێرەدا دیسانەوە لە بڕیاردانیشەوە نیگەرانی سەر هەڵدەدات، بەڵام ئەو نیگەرانییەی لە بڕیاردانەوە دەکەوێتەوە لای خۆی لەگەڵ ئەو نیگەرانییەی لە وێستگەی هەستەکی بە هۆی زۆری و نەبڕاوەیی حەز و ئارەزووە لەشییەکانەوە دەکەوێتەوە جیاوازە. (محمد، ٢٠١٦، صفحة 46) لێرەدا نیگەرانی هەستێکی باشە، نیشانەیەکە کە مرۆڤ لە حاڵەتێکی بووندایە و دەتوانێت هەنگاوێکی مەزن بەرەو قۆناغێک سەروتر هەڵبهێنێت دەبێت هەنگاوێکی کامل هەڵبهێنێت، خۆت دەبێت بڕیار بدەی یان بەڵێ یاخود نەخێر. مرۆڤ خۆی بڕیارەکانی ژیان دەدات و ژیانێکی قانوونی دەژی. لەسەر کێشەی بڕیاردان مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر دەخاتە یادی سوقراتەوە کە وتی ناسینی ڕاستەقینە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێت، کەسێکە ئاکاری لە دەرەوەی خۆی نییە، بەڵکوو لە خۆیدایە. هەنگاونان لە هەڵسوکەوتی هەستییەوە بۆ هەڵسوکەوتی ئەخلاقی یان ئایینی بۆ هەر کەس دەبێت لە دەروونی ئەو کەسەوە سەرچاوە بگرێت. (یۆستاین، ٢٠٠٦، صفحة 506) لەم وێستگەدا مرۆڤ دەیەوێت بە پێی یاسا و ڕێسا و بنەما ئەخلاقییەکان ژیان بکات و مانای ژیان ئەوەیە کە بە پێ بەرپرسیارییەتی و ئەرک بژیت، ژیان هیچ مانایەکی نییە بۆ ئەوان بەبێ ئەرک و بەرپرسیاریەتی، بەشێوەیەکی ئەرکمەندانە لە ئاست مرۆڤایەتیدا هەڵسوکەوت دەکات. وێستگەی ئاکاری پەیوەندی تاکە کەسە بە ئەوانی تر، پێکەوە ژیان و خۆگونجاندنە لەگەڵ ئەوانی تر هەوڵی خۆ لادان لە دووبارەبوونەوە نادات هەر وەک وێستگەی هەستی بەڵکوو بە پێچەوانەوە گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و گرنگی بە پەیوەندی هاوسەرگیری دەدات پێی وایە هاوسەرگیری وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی جۆرێکە لە بڕیار دان و ویست و پابەندبوونی ئەخلاقی کە لە ژیانی تاک و کۆمەڵگادا گرینگە. (برانت، 2009، صفحة 38) لەم وێستگەیەدا تاک خۆی لە ڕێگەی پابەندبوونەکانی بەرامبەر بە ئەوانی تر پێناسە دەکات و بۆ ئەمەش کیەکەگۆرد لە کتێبی (ترس و لەرز) دا لە ڕێی بزاوتی ئیمانەوە گوزارشت لەم هەڵوێستەی ئەوئەخلاقە دەکات کە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی دەخرێتە ڕوو. مرۆڤ بە بەردەوامی لە بەردەم هەڵبژاردنەکاندایە کە ژیانی دیاری دەکەن هەڵبژاردن بڕیار دانە لە نێوان ئەم یان ئەودا، ئەوەی کە هەڵبژاردن دەکات لە چاکە و خراپەدا ئەوا چاکەی هەڵبژاردووە ئەوە ئەخلاقە کە هەڵبژاردن دەکات ئەمە مانای ئەوە نییە کە وێستگەی هەستی خراپە بەڵکوو کەمتەرخەمییە، لێرەدا پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە لە نێوان ویستی چاکە یان ویستی خراپە تا ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندی بە ویستەوە هەیە، لێرەدا چاکە تەنها بیرۆکەیەکی تەواو ئەبستراکتە، ئەو کەسەی ئەخلاق هەڵدەبژێرت چاکە هەڵدەبژێرت بەڵام ئەمە ئەو کەسەی کە چاکە هەڵدەبژێرێت بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێ ناتوانێ جارێکی تر خراپە هەڵبژێرێتەوە یاخود هەڵبژاردن بکات هەر بۆیە لێرەدا دووبارە دەبینی کە بڕیار دان پرۆسەیەکی چەندە گرنگە. پرۆسەی هەڵبژاردن مانای زۆرە بۆ ئەو بەڵام ئەو تەنها بۆ ساتێک هەڵدەبژێرێت بۆیە دەتوانێت شتێکی تر هەڵبژێرێت لە ساتی داهاتوودا بە پێی تێپەڕبوونی کات هەڵبژاردن قورستر دەبێت بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئازادیش قورستر دەبێت. (جاسم، 2023، صفحة 218)

بەم پێیەش ئەم وێستگەیە ژیانی مرۆڤە لە کاتی مێژوویدا نەک لە ئان وسات و نە لە ئەبەدییەت و هەمیشەییدا. هەرچەندە لەم وێستگەیەدا مرۆڤ خۆی لەسەر قاڵبوونی ڕەها لەو چێژە هەستییانە دوور دەخاتەوە کە تایبەتمەندی قۆناغی جوانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کیەکەگۆرد پێی وایە وێستگەی ئەخلاق لوتکەی ئێگزیستانسی مرۆڤ نییە، بەڵکوو قۆناغێکی گواستنەوەیە کە پێویستی بە بازدانی ئیمانی هەیە لە سەرووی ئەقڵانیەت و یاسا ئەخلاقییەکانەوە بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغێکی ئایینی، کە تێیدا تاک ڕووبەڕووی پەیوەندی تایبەتی خۆی دەبێتەوە لەگەڵ خودا و زاڵ دەبێت بە سەر هەستی نائومێدی و گوناه. مرۆڤ لە ژیانی ئەخلاقی ئایدیاڵیدا مرۆڤبوونی خۆی بە تەواوی پێکهێنەرەکانی واتە بە ترس و گیروگرفتەکانییەوە کە هەیەتی ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات. (خاتەمی، مەحموود، ٢٠١٣، صفحة 176)

**وێستگەی ئایینی**

وێستگەی ئایینی بۆ سۆرین بەرزترین وێستگەی بوونەو تەنانەت مەبەستی کیەکەگۆرد لە شیکردنەوە و وەسف کردنی بۆ وێستگەی ئایینی بە تاج و ترۆپکی سێ وێستگەکەی لە قەڵەمداوە. بە تەنها خود دەرک بەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە بە خوداوە دەکات، بەو پێیەی پەیوەندییەکە وابەستەیە بە ناخ و ویژدان، کە باوەڕ دەبێتە پارادۆکسێکی ڕەها و گوێڕایەڵی بێ مەرج بەرەو ڕاستی کۆتایی و ئامانجی کۆتای ژیانی ڕۆحی دەڕوات. هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بەدواداچوونێکی تاکە کەسی و هۆشیارییە بە خودی خۆی. (ماکدونالد، 2018)دەتوانین ئایین بە سێنتێزی دیالێکتیکی جوان پەرست و ئاکار بزانین. ئیمان تاکە کەس بە بوونێکی باڵاترەوە دەبەستێتەوە کە خۆی سەرچاوەی هەموو شتێکی ئاکارییە کە نائەقڵانییە بۆیە گەورەترین خراپە کە بە سەر مرۆڤدا دێت ئەوەیە کە متمانەی تەواو بە عەقڵ و بیرکردنەوەی عاقڵانی بدات.فەلسەفەش لە سەرسوڕمانەوە دەست پێ ناکات هەر وەکوو ئەرستۆ بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکوو لە نائومێدییەوە دەست پێ دەکات. ئەرکی فەلسەفە ڕاکردنە لە هێزی عەقڵ و تەنها نائومێدی توانای پێدانی ئازادی هەیە بە مرۆڤ بۆ گەڕان بە دوای ڕاستی لەنێو هەموو ئەو شتانەدا کە جیهان لێی دەڕوانێت. (یوسف، 2016، صفحة 26) بۆ پیاوێکی ئایینی پەیوەندی لەگەڵ خودا قوڵترین شتە لە ژیانیدا ئەم ژیانەی سەر زەوی ژیانی کاتییە و کۆتایی پێدێت، ناگاتە بنچینەی ڕاستەقینە و قۆڵی خۆی مەگەربە خودا و ژیانی هەتا هەتایی نەبەسترێتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ژیانی هەتاهەتایی و هیوای هەتا هەتاییە و ڕاستگۆییە لە پەیوەندی لەگەڵ خودا دا. پیاوی جوانپەرست لە ساتدا دەژی، پیاوی ڕەوشت لە کات دەژی و پیاوی ئایینی لەم پەیوەندییە پڕ هیوایە دا دەژی لەگەڵ هەتاهەتایی. گەورەترین کەسایەتی قۆناغی ئایینی یوهانز کلیماکۆسە بۆ ئەوەی بتوانی لە وێستگەی جوانییەوە بەرەو وێستکەی ئاکاری، یاخود لە وێستگەی ئاکارییەوە بۆ وێستگەی ئایینی

برۆیت پێویستیت بە بازدان هەیە هەربۆیە کیەکەگۆرد ئاماژە بە دوو قۆناغی گواستنەوە دەکات لە نێوان سێ وێستگە سەرەکییەکەدا ئەوانیش قۆناغی (گاڵتەجاری، لێهاتن)ە قۆناغی گاڵتەجاری بریتی لە گواستنەوە لە قۆناغی جوانی بۆ قۆناغی ئاکاری، قۆناغی لێهاتن قۆناغی گواستنەوەیە لە دۆخی ئاکارییەوە بۆ دۆخی ئایینی. (برانت، 2009، صفحة 39)

ئەو ڕەوشە دەروونییەی کە هەر لە منداڵیەوە بە هۆی پەروەردەکردنیەوە لە لایەن باوکیەوە بووەتە مایەی ئەوەی کەسانێک گەمەی پێ بکەن و خۆیشی هەست بە کەم و کوڕی و خۆ بە کەم زانین بکات، ئەمە وای کردووە هەمیشە دیاردەی چەمکی نیگەرانی، بێ ئومێدی، گوناهباری بەشێکی سەرەکی بیرکردنەوەکانی بن، بۆ ڕزگاربوون لەو ڕەوشە دەروونیەش ناچار بووە دەستبەرداری خۆشیە هەستییەکانی ژیان بێ و پەنابەرێتە بەر بەها گیانییەکان. تاوان و ئازار بریتین لە دوو توخمی ئایینداری. تاوان پچڕانی پەیوەندییە لە نێوان ئەو خود و خۆیدا وەکوو پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ خوادا درک دەکرێ، کە ئاماژە بۆ درزێکی ناخ دەکات لەناو هەستدا، لە دوورکەوتنەوە لە ئامانجی ڕەهاوە سەرهەڵدەدات. خودی هەبوو دەتوانێ هەست بە تاوان بکات و بە هۆیەوە لە خۆی بگات کە لە خودی خۆی وە دەرنراوە. تاوان دەبێت بە گوناه، بەڵام کەسی بێ باوەڕ هەست بە گوناه ناکات، چونکە هەست کردن بە گوناه کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئەو خودە لەوە بە ئاگا بێتەوە کە هەبوویەکە پەیوەندی بە خوداوە پچڕاوە. کەواتە مەسیح وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە گوناهی خۆی بکات و بگەڕێتەوە بۆ ئیمان کە بە هۆیەوە دەتوانێ بە سەر گوناهدا زاڵ بێت. (البدوی، ٢٠٢٠، الصفحات 112-113)

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە کیەکەگۆرد بناغەیەکی پتەو و بنەرەتی بۆ فەلسەفەی بونگەرایی دانابێت کە هێشتا کاریگەری بەردەوامی لەسەر بیری فەلسەفی مۆدێرن هەیە. لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەرهەمە سەرەکییەکانی کیەکەگۆردەوە دەرکەوت ڕاستەقینە بریتییە لە ڕاستی خودی نەک بابەتی هەربۆیە ئەو گرنگی بە تاکەکەس و ئەزموونی کەسی مرۆڤ دەدات لە کاتێکدا کە فەلسەفەی سەردەمی خۆی سەرقاڵی سیستەمە گەورە ئەقڵانییەکان بوو و تاکەکەسی نادیدە دەگرت. ڕەخنەکانی کیەکەگۆرد لە دژی فەلسەفەی هیگڵ و کلێسای دانیمارکی دەردەمی خۆی دەریخست کە چۆن دامەراوە فیکرییەکان و ئەیینییەکان دەتوانن مرۆڤ لە ڕاستی و ئەزموونی ڕاستەقینەی خۆی دوور بخەنەوە. لەلایەکیترەوە ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستە سەر چەمکەکانی خەم و نیگەرانی، ئازادی، و هەڵبژاردن کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مرۆڤانەن لە بەرامبەر نەزانراوەکانی ژیان و مەرگدا. سێ وێستگەکانی ژیان کە کیەکەگۆرد باسی کردووە، جوانپەرست، ئاکاری، ئایینی، نەخشەیەکن بۆ گەشەی رۆحی و مانەوەی مرۆڤ کە تێیدا هەر وێستگەیەک ڕێگەیەک دەبێت بۆ تێگەیشتنی قوڵتر لە خۆناسی و مانای ژیان.

هەروەها دەرکەوت کە جیاوازی نێوان بوونگەرایی کیەکەگۆرد و بوونگەرایی دواتری سەدەی بیستەم لەوەدایە کە کیەکەگۆرد ڕێگەچارەی بۆ نیگەرانی و بێمانایی ژیان لە باوەری ئایینی و پەیوەندی کەسی لەگەڵ خودا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا بونگەراکانی دواتر ئیمانیان ڕەتکردەوە و مرۆڤیان بە تەنها بەرپرسیار دەزانی لەبەردەم دروستکردنی مانای خۆی، لەهەڵ ئەوەشدا ، هەردووکیان لەسەر ئازادی وبەرپرسیاریەتی تاکەکەس جەختیان کردوەتەوە وەک بنەمای بوونی مرۆڤانە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە هزرەکانی کیەکەگۆرد نەک تەنها بنەرەتێکی مێژووییە بۆ فەلسەفەی بوونگەرایی، بەڵکو جەشنێکە لە دەرمانی فیکری بۆ کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخ کە هێشتا لەگەڵ پرسیارەکانی مانا، ئازادی، هەڵبژاردن و بەرپرسیاریەتی دەست و پەنجە نەرم دەکات. کاریگەرییەکەی دەربازی چوارچێوەی فەلسەفە بووە و گەیشتۆتە ئەدەبیات، دەروونناسی، لاهووت، ئەمەش گرنگی و گشتگیری هزرەکانی دەسەلمێنێت.

**سەرچاوەکان:**


**بە کوردی:**

1. البدوی، عبدالرحمن. (٢٠٢٠). چەند لێکۆلینەوەیەک سەبارەت بە فەلسەفەی بوونگەرایی. چاپخانەی تاران.
2. پەری.ئالان (٢٠٢٠). دەرگای بەختەوەری رووی لە دەرەوەی(سەبارەت بە فەلسەفەی سۆرین کیەکەگۆرد). بڵاوکراوەکانی نوسیار.
3. حمەصالح،ئەوانی تر. (٢٠٢٣). بەرەو دەرونزانیی بوونخوازانە(کیەکەگارد ودەرونزانە بونخوازەکان) (المجلد چاپی یەکەم). هەولێر: چاپخانەی ناوەندی فێربوون.
4. خاتەمی، مەحموود. (٢٠١٣). سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ. (وەرگێڕانی: سەعیدکاکی، المترجمون) هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.
5. ستراتێرن. پۆل. (٢٠٠٣). کیرکەگۆر(سەرەتایەک بۆ ژیان و فەلسەفەکەی). (وەرگێڕان: ئازاد بەرزنجی، المترجمون) سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
6. عزیز، حمید. (٢٠١٣). فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.
7. کۆمەلێک-نوسەر. (٢٠١٤). بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار. (وەرگێڕانی: سەعید کاکی، المترجمون) هەولێر: چاپخانەی رۆژهەلات.
8. گاردەر، یۆستاین. (٢٠٠٦). جیهانی سۆفیا. (وەرگێڕانی: هیوا محمد، المترجمون)

9. مصطفی، هیمداد محمد. ( ٢٠١٦). ڕەهەندەکانی چەمکی مرۆڤ لە فەلسەفەی ئێگزستێنتیالیزم دا ( سارتەر بەنموونە). صفحة 46.

**بە عەرەبی:**

10. امام، امام عبدالفتاح. (1986). كيركجور(رائد الوجودية) (المجلد ج2). القاهرة: دارالثقافة.
11. - د.امام عبدالفتاح امام,كيركجور(رائد الوجودية), الجزء الاول,دار الثقافة, القاهرة, 1982
12. ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسول. (٢٠١٧). فەلسەفە و ئیمان لە نێوان هیگڵ و کیرکیگاردا . هەولێر ، : لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون .
13. برانت, فريتيوف. (2009). كيركجارد. (ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، المحرر) القاهرة: مكتبة دارالكلمة.
14. برانت، فريتيوف. (2009). كيركجارد. تأليف ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد (المحرر). القاهرة: مكتبة دارالكلمة.
15. جاسم. قحطان (2023). سۆرن كيركگورد،اما-او(شذرة حياة). دار الرافدين.
16. شطارة، عامر ناصر. (2014). الفردانية في الفلسفة الحديثة(كيركجارد)نموذجا. مجلة (دراسات العلوم الانسانية والاجتماعية)، ملحق1 (المجلد 41)، 57.
17. كيركگورد. (2021). المرض حتى الموت (الإصدار يناير, كانون الثاني). (ترجمة: قحطان جاسم، المترجمون) دارالرافدين.
18. كيركگورد، سورن. (2021). المرض حتى الموت (الإصدار يناير, كانون الثاني ). (ترجمة: قحطان جاسم، المترجمون) دارالرافدين.
19. ماكدونالد، ويليام. (2018). سورين كيركجارد, ترجمة-سارة اللحيدران. تم الاسترداد من hekmah.org: www.hekmah.org
20. پۆڵ ستراتێرن،(کیرکگۆر،نیچە،سارتەر)،و/ئازاد بەرزنجی،چاپی دووەم،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٩
21. فوئاد کامل،چەند فەیلەسوفێکی بوونگەرا،و/سامان عەلی،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٥
22. کۆمەڵێک نووسەر،(بوونگەرایی ڕێبازێکی فیکری و فەلسەفی)،چاپی یەکەم، زنژیرەی چاپ وپەخشی- سەردەم(زنژیرەی دۆسیەکانی سەردەم)،سلێمانی،
23. عامر ناصر شطارة, الفردانية في الفلسفة الحديثة(كيركجارد)نموذجأ، الجزء الاول , دارالكتاب, بيروت,
24. -د.مصطفى غلوش ,الوجودية في الميزان ,طبعة فاخرة, العدد الرابع,القاهرة, اغسطس, 1985
25. يوسف، حسن. (2016). فلسفة الدين عند كيركجارد. القاهرة - مصر: مكتبة دار الكلمة.

**بە ئینگلیزی:**

**26.** KIERKEGAARD. (1941). THE SICKNESS UNTO DEATH. (W. LOWRIE, Trans.) AMERICAN: PRINCETON UNIVERSITY.